# گۆبەرۆک

ئێکسسوارە کوردییەکان شانبەشانی ئێکسسوارە جیهانییەکان، بەجوانی و رازاوەیی شـێوازەکانیان جوانییەکی گەورە و ناسك دەبەخشن، لێرەدا دەبێ خانمانی کورد ئاگاداری ئەو لایەنە بن، چونکە جوانی ئێکسسوارە کوردییەکان چی لە ئێکسسوارەکانی جیهان کەمتر نییە، لێرەدا باسی جوانی (گۆبەرە) دەکەین، کە شایستەترین ئێکسسوارە لەگەڵ جلی کوردی دەپۆشرێ. جۆرەکانـی گۆبـەرە بریتین لـە: باوی – چارێـك لیرە (لە پێشـوودا لیرەی راسـتەقینەیان بەکاردەهێنـا لـە گۆبەرکـە)- تایـەی بچووك- قاشی رەنگاوڕەنگ. گۆبەرە لە زیوو دروست دەکرێ و لە زێڕێـش هەیە،

بەڵام ئەوەی ئێستا باوی هەیە، بریتییە لە جۆری باوی کە لە زیوو دروست کراوە، گۆبەرە لە ئێلەگ دەدرێ و دەبێتە دوو بەش، بەشێکی دەکەوێتە سەر سینگ و شـانەکان، ئەوەی دیکەش دەچێتەوە سەر پشت، هەروەها لەگەڵ دوگمە و دۆلاب بەکاردەهێنرێ، دەبێتە (٣) قاشەی رەنگاوڕەنگ، دوو بەشی لە رەنگی شـین دەبێ و بەشێکی دیکەی لە سوور، کێشی گۆبەرە لەنێوان (١٠٠تا ٢٠٠) گـرام دەبێ و هەروەها نرخی لەنێوان (٢٠٠ هەزار تا ٤٠٠) هەزار دەبێ، رێژەیەکی زۆر خانمانی کورد دەیپۆشـن و بە تایبەتـی لە ئاهەنگ و بۆنەکان.

# تەنوورەکان لە چەندین شێوەی جیاوازدا



جلەکان هەر بە رازاوەیـی دەمێننەوە و تەنانـەت هەندێکیـان لـە کاری تـازە و رازاوەدا جێگـەی جوانی و ناسـکی دەبن، بۆیە هەر جلێـك تایبەتمەندی و جوانییەکـی رازاوەی هەیـە و دەبـێ لە نزیکەوە کاری جوانی بۆ بکـرێ، ئەمەش وادەکات جلـەکان ببنـە مایـەی جوانییەکی ناسك، یەکێـك لـە جلە جوانەکان کە خانمان پێـوەی پابەندەن، بریتییە لە تەنـوورە، بەهۆی چەندین سـتایلی جۆراجـۆرەوە لـە تەنـوورەکان، دەکرێ سوودێکی گەورەیان لێوە وەربگرین، جوانی تەنوورەکان لـە رێگەی جوانی رەنگ و شـێوەکانیانەوە دەبێ، بۆیە هەر جۆرێك لە تەنوورەکان دەبنـە مایەی کراوەیی و رازاوەیی، ئێمەش لێرەدا چەندین نموونەی تەنوورەمان بۆ دەرخسـتوون بۆ ئەوەی لە شێوە تازەکانیان ئاگاداربن.



# تۆقە ناسکەکان



ئێکسسوارەکان بە چەندین شێوەی جوان دروست دەکرێن، مەرج نییە گشـت جۆرە ئێکسسـوارێك ببێتە هێمای جوانی بۆت، بۆیە لێرەدا دەبێ بە سانایی جۆرەکانی ئێکسسوارەکان هەڵبژێرین ئەوەی جوانە و لەگەڵ شێوازی جەستە و قژت دەگونجێ، ئەوانە هەڵبژێرە و بۆ ئەوەی جوانیت نەشێوێت. زیاتر خانمان ئێکسسوارەکانی قژ بەکاردەهێنن،

بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: ئیوان گەردی
Email: iwan_gardi@hotmail.com
Mobile: 07504679560



# ناسکترین ماکیاژی لێو

شێوازێکی ناسکیان بەکارهێناوە بۆ ماکیاژی ئەم لێوە، کە هێڵکاری بە سادەیی بۆ کراوە و لەگەڵ بۆیەی سووری ڕەنگ جەرگی و لە کۆتاییشدا بڕێکی کەم لە بۆیەی بە بریقەیان بەکارهێناوە، خانمان دەتوانن سوود لەم ماکیاژە وەربگرن بۆ لێوەکانیان.



## شێوازی تەسریحە خاوەکان

تەسریحەکانی قژ بەپێی جۆری قژەکان دەبێ، ئەمەش بە تایبەت لەگەڵ شێوازی ئەو تەسریحەوە دەگونجێ کە خانمان حەزی پێدەکەن، لێرەدا شێوازەکان گۆڕانکاری دەبێ بە گوێرەی کورتی و درێژی قژ، چەندین مۆدەی جۆراجۆر هەن، هەر یەکە بۆ کات و شوێنێك ئەنجام دەدرێن، لە ڕێگەی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ئەو جۆرە تەسریحانە دەکرێ جوانییەکی شایستە و بەنازەوە بە قژەکان ببەخشن.

جوانترین مۆدەکانی تەسریحە، بریتییە لە تەسریحەی خاو بۆ گشت جۆرە قژێك، بە تایبەت کاتێك کاری سەرحی بۆ دەکرێ و دواتریش کاری بە بەریقەکردنی بۆ دەکرێ، ئەمەش وەك سەرنجڕاکێشییەك بۆ شێوازی قژەکە، لێرەدا جوانی قژەکە بە ڕازاوەیی دەردەکەوێ و تەنانەت شێوازی تەسریحەکەش بە شایستەیی جوانی قژەکە دەردەخات. هەوڵبدە قژت لە تەسریحەی سەرح نزیك بکەیت بۆ جوانیت.

## قژت جوانتر دەردەخەن







زیاترین ئەو ئێکسسوارانەی بۆ قژ بەکاردەهێنرێن بریتییە لە تۆقە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە چەندین جۆری تۆقە هەن، دەبێ جوانترین جۆرەکانی تۆقە بۆ قژ هەڵبژێرین، ئەمەش وەك جوانترین و ناسکترین تۆقەکان، یەکێك لە شێوازە جوانەکانی تۆقەی قژ ئەوەیە، کە نەخشێکی تایبەتی لە سەرەوە دەردەکەوێ و ئەوەی دەکەوێتە سەر قژ بە تەلێکی باریکە و بۆ ئەوەی دەرنەکەوێ لە کاتێکدا کە لەسەر سەر دەبێ یان بۆ وەستاندنی قژ بەکاردەهێنرێت.

# پردی دەلال کۆنت



ئەگەر سەردانێکی شاری زاخۆی دەلال بکەی، بێگومان ئەو پردە جوانە دەبینـــی کە ناوەکەی هەردەم لەگەڵ زاخۆدا دێ، خۆم ســـەردانی ئەو پردەم کردووە و کاتێك دەچیتە ســـەر پردەکە هەست بە خۆشییەك دەکەیت لەوەی لە خوارەوە ئەوەندە بەرز دیار نییە لەچاوە سەرەوەدا، ئەوە زۆربەی بەشەکانی شاری زاخۆت دێتە بەرچاو.




بەرزایـــی ئەو پـــردە دەگاتە (١١٤) مەتـــر و پانییەکەی (٤،٧٠)مەتـــرە و بـــە بەرزی (١٥) مەتر لەســـەر سەرووی رووبار دەبێ، ئەو پردە بە پردی مـــەزن دەناســـرێ، مێژووی دروستبوونی ئەو پردە بە تەواوی دیـــار نییە، بـــەڵام زۆربەی راکان دەڵێـــن لە ســـەردەمی

# ئاڵای کوردستان جوانە



ئاڵای کوردستان جوان و دەبێ هەردەم بە جوانییەکی گەورە دەربکەوێ، بۆیە ئەو ئاڵایە دەبێ لە گشـــت شوێنە گشتی و تایبەتەکاندا شەکاوە بێ، هەریەکەش لەلای خۆیەوە بیرۆکەیەکی جوان بۆ دروستکردنی ئاڵای کوردســـتان هەبێ، وەك هەستێکی نەتەوەیی پێویستە کاری بۆ بکات، ئەوەی دەیبینن بیرۆکەیەکی جوانە کە لە کوردستاندا ئاڵای کوردستان تەنیا لە دەبدەبە دروست کراوە.



# توانای پیاوێکی (٩٤) ساڵ وەک گەنجێکە

توانای مرۆڤ دیاریکراوە کە لەگشت قۆناغەکانی تەمەندا تا چەند توانای دەبێ بۆ ئەوەی کارەکانی جێبەجێ بکات، کەچـــی وادیارە ئەو پیاوە خۆی جیاواز دەکات و خاوەن هێزێکی تایبەتە لە ژیانیدا، ئەو پیاوە هیندستانییە ناوی (راندی رامجێت)ـە و تەمەنی (٩٤) ســـاڵە و کەچی وەك گەنجێکی (٢٥) بەهێـــزە و دەتوانـــێ کاری ســـەیر ئەنجام بدات. هاوسەرەکەی (٥٠) ساڵە و دوو منداڵیشی هەیە، هاوســـەرکەی دەڵێ: من هەست ناکەم ئەو پیاوە پیرە، بەڵکـــو وەك گەنجێك دێتە بەرچاوم و ئێستاش لە هەواڵی ئەوەین کە منداڵێکی دیکەمان ببـــێ، کارەکانی وەك گەنجێـــك ئەنجام دەدات و بەهێزە بۆ ئیشـــکردن، هەروەها شـــەوانە زیاتر لە (٣) جار لەگەڵـــم دەخەوێ و جووت دەبین، بۆیە وەك باوکێکی بەســـۆز و گەنجێك دەتوانێ دڵم بە تەواوی خۆش بکات.

# گیانداره روونەکان وەک شووشە



هەزارەها یان ملیۆنەها جۆرە گیاندار هە ن لەسەر زەوی، ئەوەی سەر وشکانی و نـــا و ئاودا، هەر یەکە شـــێوە و جەستەیەکی ســـەیری هەیە، ئەمەش وادەکات مرۆڤ لێوەیان نزیك بێتەوە و لە شـــێوە ســـەیرەکان بکۆڵێتەوە و کـــە چۆن و بۆ بەم شـــێوەیە دروســـت کراوە، بەم دواییە لە گەشـــتێکی زانستی بۆ گەڕان بەدوای گیاندارە روونەکاندا کـــرا، توانیان چەندین جۆرە گیاندار بدۆزنەوە کە جەســـتەیان روونە و دەتوانی وێنەی پشتیان بە ئاســـانی ببینـــی ، ئەوەی لەم وێنانە دەردەکەون راســـتەقینەن و جەســـتیان روونە، وەکو ئەوەی لە شووشـــە دروســـت کرابێ، کـــە دیمەنێکی جوان و ســـەیریان هەیە و تا ئێســـتاش نازانن هۆکاری بوونی روونی جەســـتەی ئەو گیاندارانە بۆچی دەگەڕێتەوە.

## ــرین پردی کوردستانه





عەباسییەکان دروستکراوە، کەچی هەندێکی دیکەش وەکو (هەمیریتن) زانی ئاســەوار دەڵێ: پێدەچێ ســەردەمی بگەڕێتەوە بۆ ڕۆمانییەکان یان یۆنانییەکان دروســتیان کردبێ، کەچی لەلایەن شارەزایانی عێراقی دەڵێن: ڕەنگە لەسەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی دروست کرابێ، کەچی هەندێکی دیکەش دەڵێن: لەلایەن میرنشینە کوردییەکان دروست کرابێ، پێدەچێ لە پێشــوودا نەخشی بۆ کرابێ لەســەر بەردەکانی ئەو پردە، بەڵام زۆربەیان ڕەش بوونەتــەوە و یــان هەندێکیان دەردەکــەوێ، پردێکی بەهێزە، چونکە بەشێوەیەکی ئەندازیی جوان کاری بۆ کراوە و دەبێتە یەکێك لە شــوێنە ئاسەواری و گەشتەوەرییەکانی کوردستان.

## ماسی قاچەکانت جوان دەکەن

بیرۆکە ســەیرەکان جوانترین سوودمەندی بە مرۆڤ دەبەخشن، ئەمەش لە ڕێگەی داهێنان و کارە تایبەتەکان دەکرێ، وەکو ئەو بیرۆکەیەی کە ئەنجامدراوە و ئەنجامێکی گەورەشی بۆ بووە، جۆرە ماسییەك هەیە کە لە وڵاتی تورکیا دۆزراوەتەوە پێیدەڵێن (فارا)، شــێوەیان زۆر بچــووك و جوانە، کەچی ئەو ماســییانە زیندەوەری بچووك دەخۆن کە بەچــاو نابینرێن و کەچی لە چاوی ماسییەکان دیارن، کە شوێنی ئەو ماســییانە زۆر جوان و پاك بووە، لەلایەن چەند پــسپۆڕێکی جوانکاری توانیان ئەو ماســییانە بەکاربهێنن بۆ جوانکردنی پێ و قاچی خانمان، وەك لە وێنەکەدا دەبینن چۆن بە جوانترین شێوە هەرچی بەکتریا و پاشماوەی لەسەر پێ هەیە دەیخۆن و پێی مرۆڤ بە پاکی رادەگرن.





## ئاهەنگی هاوسەرگیری لە ئاسمان

مرۆڤەکان ئازادن لەوەی چۆن ژیانی خۆیان بەسەر دەبەن، لایەنێك لە ژیانی مرۆڤ بریتییە لە ڕۆژی هاوسەرگیری، هەر یەکەو بەپێی خواست و حەزی خۆی ئەو ڕۆژە بەڕێ دەکات، بە ئاهەنگ گێڕان یــان بە چوونە دەرەوە یان بەهەر شــێوەیەك بــێ، کەچی وادیــارە ئەو بــووك و زاوایە لە دڵیانــدا بووە کە لە ئاســمانەوە ئاهەنــگ بگێڕن، لــە وڵاتی ئوســکەتلەندا دوو هاوســەر لە ڕۆژی ئاهەنگێڕانیان هەڵسان بە هێنانی (٢) فڕۆکە بۆ ئەوەی لە ئاسمانەوە بسوڕێنەوە و لە کاتێکدا بــووك و زاواش بــن، ئەمــەش کارێکی جوانە و تا کۆتایی ئەو هاوسەرگیرییە لە بیر ناکرێ، وەك دەبینن چۆن بووك و زاوا بە فڕۆکەوە لە ئاسمانن.







## ماسی زیندوو بە برژاوی!

هەردەم دەزانین کە ماسی لە ناو ئاودا زیندووە، بەڵام وادیارە لە کوردستان ماسی دوای ئەوەی دەبرژێنرێت هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە، ئەمەش هەڵەی سەر تابلۆیەکی شوێنێکی ماسی برژاندنە، کە نووسیویەتی (ماسی زیندوو بە برژاوی...)، واچاکتر ئەوانەی تابلۆیەك هەڵدەواسن بە تەواوی بیر بکەنەوە ئینجا ئەوەی مەبەستیان بینووسن بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە تووشی واقوڕمان و حەپەسان نەکەن.




### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ماوەیەکە وەك ڕۆژانی پێشوو دڵت خۆش نییە و پێکەنین هاوڕێت نییە، نابێت چەند کێشەیەکی بچووك ببنە هۆی ئەوەی بەردەوام خەم هەڵبگریت، هیچ کاتێك بێ هیوا مەبە و بە گەشبینییەوە سەیری ژیان بکە.




### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هێشتا کات ماوە و درەنگ نییە بۆ ئەوەی ئەو شتە بەدەست بێنیت کە خەونی پێوە دەبینی، ئەم ماوەیە هەست بە ئاسوودەیی دەکەی بەهۆی بەشداریکردن لە بۆنەی کۆمەڵایەتی و بینینی چەند کەسێکی نزیك و خۆشەویستت.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ڕاستە ئێستا باری داراییت زۆر باش نییە و لەئاستی پێویست نییە، چاوەڕوان بە لەماوەیەکی نزیکدا بڕە پارەیەکت دەست دەکەوێت و ئەم گرفتە چارەسەر دەبێت، سەرەتای هەفتەی داهاتوو پێشبینی دەکرێت هەواڵێکی خۆشت پێ بگات.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

کاتێکی زۆر تێپەڕیوە هێشتا نهێنی و قسەی ناخی دڵت بەو کەسە نەوتووە کە زۆر بیری لێدەکەیەوە، ناکرێت چاوەڕوانی وەڵامی ئەو بیت، لەبەر ئەوەی ئەو نازانێت تۆ چیت دەوێت، واباشترە قسەی بۆ بکەیت ئەمە لەبەرژەوەندی ئێوە دایە.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

ئەگەر بە نیازی ئەنجامدانی چەند گۆڕانکاریەکن لە ژیانتان، چەند ڕۆژێك چاوەڕوان بن لەوانەیە ئەو کاتە هەست بە هەندێك بیرۆکەی گرنگتر بکەن. ئەو کەسە لەیاد مەکە کە لەبیری کردووی، ئەو دواتر هەست بە هەڵەی خۆی دەکات و داوای لێبوردنت لێدەکات.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لەوانەیە داوات لێبکرێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی گرنگ، ئەو کاتە بەخت دەبێتە هاوڕێت و بەسەرکەوتوویی کۆتایی دێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پلەت بەرزتر بکرێتەوە. بەردەوام بە لەسەر ئەو بەرنامەیەی پەیڕەوی دەکەی دەستکەوتی گرنگ لە ڕێگەدایە.

## یاری پیت ڕیزکردن

**هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی یانەیەکی ئەورووپیت بۆ دەرچێ.**

ۆ ل س ا ی

**وەڵامی ژمارەی پێشوو (شەمۆ)**




**برنادشۆ (گەورە نووسەری ئیرلەندی) دەڵێ: نوکتە بچووکترین بەشی ئەدەبە!**

- خێزانێک لە ناو بەلەمێکدا دەبن و بە قاچاخ دەپەڕنەوە لە تورکیاوە بۆ یۆنان. منداڵێکیان لە باوکەکە دەپرسێ:»بابە قەزاوقەدەر و موسیبەت جیاوازییان چییە؟» باوکەکەش لە وەڵامدا دەڵێ:»قەزاوقەدەر ئەوەیە کە ئێستا هەر لە خۆیەوە دایکت بکەوێتە دەریاکەوە.
موسیبەتیش ئەوەیە کە مەلە بزانێت و خۆی ڕزگار بکات.»

***

- بوکێکی داخ لە دڵ خەسووی دەمرێت، یەکسەر دەڵێ توخوا مەینێژن با نەڕوێتەوە..

## جیاوازی وێنە!

**بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا (٧) جیاوازی لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە**





| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | | | | |
| ٢ | | | ■ | | | | | | | | | ■ |
| ٣ | | | | ■ | ■ | | | | ■ | ■ | | |
| ٤ | | | | ■ | | | | | | | | |
| ٥ | | | | | | | | | | | | |
| ٦ | | ■ | | | | | | | | | ■ | |
| ٧ | ■ | ■ | ■ | | | | | | | ■ | ■ | ■ |
| ٨ | | | | | | | | | | | | |
| ٩ | | | | ■ | | | | | | | | |
| ١٠ | | | | ■ | ■ | | | | ■ | ■ | | |
| ١١ | | | ■ | | | | | | | | ■ | |
| ١٢ | | | | | | | | | | | | |



ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## ئاسۆیی:

١- خاوەنی وێنەکە.
٢- خواردنی ئاژەڵە(پ)- شێخی شاعیران.
٣-کورتکراوەی کادوایی(پ)- زاد(ت)- چەکێکی کۆنە(پ).
٤-یار(ت)- شارۆچکەیەکی کوردستانە(پ).
٥- یانەیەکی فەرەنسییە(پ)- دراوێکی عەرەبییە.
٦- یاد(ت)- ژمارەیەکە(پ).
٧- گێژ.
٨- شاعیرێکی ئیسپانی بوو- وڵاتێکی ئەمەریکییە(پ).
٩- هێز- شاعیرێکی رۆمانسی ئیتالی بوو.
١٠- هۆز- میوەێکە(پ)- وەکویەك.
١١- نەخێر(پ)- دامەزرێنەری کۆمپانیای مایکرۆسۆفت.
١٢- لەسەرەتایی دەست پێ دەکات.


## ستوونی:

١- چیایەکی کوردستانە(پ)- شاعیرێکی کوردبوو(پ).
٢- سەرکردەی مادەکان بوو(پ)- قسەی بێ سەروبەر.
٣-ناوێکی کچانە- لاواز(پ).
٤- شەپرێو(پ)- چیایەکی کوردستانە(پ)- دووپیتی بەفر.
٥- نیوەی وێلز- زەریاکە(پ)- نۆ بەE.
٦-خالس(ت)- بالی (ت).
٧- دارا (ت)- چوارپیتی جیاواز.
٨- خۆشی و شادی- یاریزانێکی ئەفریقیە(پ).
٩- بووی(پ)- یانەیەکی ئیتالییە(پ)دارێکە.
١٠- هەوا- ئاین(پ)- لۆ- کەزیو.
١١- خشۆکێکە- ڤور(ت).
١٢- چیایەکی کوردستانە(پ)- روەکێکی خۆرسکە.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئێستا خۆت و خۆشەویستەکەت پێتانوایە دابڕان لەبەرژەوەندی ئێوە دایە، راستە ئێستا زۆر یەکترتان خۆشناوێت، بەڵام پێویستە ئارام بگرن و ماوەیەك چاوەڕوان بن تاکو پێوەندیەکە دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی، ئەگەرنا پەشیمان دەبنەوە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەواڵێکی گرنگت پێدەگات سەبارەت بە هاوڕێیەکی نزیکت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی پێوەندی نێوانتان زۆر بەهێز بێت. بەرژەوەندی ئێوە لەوەدایە کە پەلە نەکەن و بەشێوەیەکی زانستی هەنگاو بنێن بۆ ئەوەی پڕۆژەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

دوای ئەوەی لەگەڵ کەسی بەرامبەر چەند کێشەیەکی بچووك روویاندا و بووە هۆی ساردبوونەوەی پێوەندیتان، راستیەکە روون دەبێتەوە و پێوەندیەکە دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی. نابێت کێشەیەکی بچووك کار بکاتە سەر پێوەندی نێوانتان.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەگەر هەر کەسێك هەوڵ بدات بێبەشت بکات لەو خۆشیەی ئێستا تێیدای، دڵگران مەبە و بایەخ بە قسەکانی مەدە، ئەمە دەبێتە هۆی سەرنەگرتنی هەوڵەکانی، لەهەمان کاتدا هەست بە شکستی خۆی دەکات و دووبارەی ناکاتەوە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر کاتی ئەوە هاتووە یەکێك لە خۆشترین ساتەکانی ژیانت بەسەر ببەی لە پێوەندی سۆزداری، بەڵام ئەوەی حەز لە بەدەستهێنانی دەکەی و خەونی پێوە دەبینی مەرج نییە بە زووترین کات بۆت ئامادە بێت، بۆ ئەمەیان ماوەیەك چاوەڕوان بە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

خەونەکەت دێتەدی بە بینینی ئەو کەسەی کە حەزت دەکرد چاوت پێی بکەوێت و ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی بینینی دەکەی، هاوڕێیەکت داوای یارمەتیت لێ دەکات، ئەگەر بتوانی یارمەتی بدە لەوانەیە تۆش رۆژێك پێویستت بەیارمەتی ئەو هەبێت.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (تارا) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

⬡ ⬡ ⬡ ⬡ ⬡ ⬡ ⬡

ئەم خانەنانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی ژێر)
- پیتی خانەکانی (٥+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئاگر بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٧+٦+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (بەشێکە لە جەستەی مرۆڤ کە دەکەوێتە نێوان چۆك و سگ
- پیتی خانەکانی (٤+٦+٧ ) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ژمارە ٤ بە زمانی هەولێری)

